# ئاوابوونی کولتووریی و ژیاریی

ئاوڕدانەوەیەک لە فەلسەفەی "ئاوابوونی ڕۆژئاوا"ی ئۆسڤالد سپێنگلەر و جڤاکی کوردییدا

**هەندرێن**


Oswald Spengler

ئەمڕۆ، وێڕای زۆری تیۆرییە فرە ڕەهەند و ڕوانگە جوودایەکانیش، کەچی دۆزینەوە یان هەڵبژاردنی جۆرە تیۆرییەک بۆ بەرسڤدانەوەی تەنگەژەی ناسنامەی نەتەوایەتی؛ خەونی کورد؛ داڕمانی کولتووری کورد، کارێکی ئاسان نییە. تەنگژەکانیش هەر تەنیا لەتێک لە لەتەکانی کوردستانیان نەتەنیوەتەوە، بەڵکوو ئۆرگانەکانی گشت پارچەی کوردستانیان گرتۆتەوە. کۆی ئەو تەنگژانەش: تەنگژەی پێناسەی گوتاری نەتەوایەتی و داهێزران و نامۆبوونی کولتووری کوردییە. لێرەوە ئێمە نازانین، کە کولتووری و ژیاریی کوردی لە کام وێستگەی مێژووی کوردی هەڵات و لە کوێش ئاوابوو؟ ئایا دەکرێ ئیمپراتۆری مادد، بە هەڵاتنی یەکەم ژیار و کولتووری کوردیی و یادەوەرییە تاڵانکراوەکانی ئەو قەوارە مادییە بە ئاوابوونی کولتووری کوردی ناودێر بکەین؟ یان دەکرێ ئیماراتی بۆتان و دەقە حیکمەت ئامێزەکانی خانی بە قۆناغی دووەمی هەڵاتنی ژیار و کولتووری کوردیی و ئاوابوونی ئەو ئیمراتۆرە بە ئاوابوونی ئەو ژیارە فامبکەین؟ یان هەڵاتنی ئیماراتی بابان و شیعرە ڕامانئامێزەکانی نالیی و مەحویی و ... بە موژدەیەکی دیکەی هەڵاتنی ژیار و کولتووری کوردیی و ڕمانی ئەو ئیماراتە بە ئاوابوونی تەمەنی کورد بناسین؟ گەلۆ دەکرێ هەڵاتنی ئیماراتی سۆران، بە تەرزە ڕەنگدانەوەیەک لە شیعرە بڕەندەکانی حاجی قادری کۆیی و بەرهەمە بونیاتنەرەکانی حوزنی موکریانی فامبکەین؟ دواجاریش دەکرێ ڕاسان و ڕاگەیاندنی حکوومەتە دەڤەرییەکەی شێخ مەحموودی نەمر، وەک هەڵاتنی گزنگێک لە پەرۆشخۆرییە ڕۆشنبیرییەکانی ئەحمەد موختار، جەمیل سائیب و ئەوانیدیکە بزانین؟ یان کۆماری مەهاباد، بە بەرجەستەکردنەوەی بزاڤە ڕۆشنبیرییەکانی ئەودەم و جوانەمەرگبوونی ئەو کۆمارەش بە ئاوابوونی ژیار و کولتووری کوردی بخوێنینەوە؟

ئەو پرسیارانە جێگەی ڕامان و وورووژاندن، لێ ئەو وتارە بواری ئەوەی نییە کۆی ئەو پرسیارانە مشتوماڵ بکا، بەڵکوو لێرەدا تەنیا مەبەستمان کردنەوەی ئاسۆیەکە بۆ تێهزرین لە ڕەهەندەکانی ئەو پاشخانە مێژووییەی کورد. ئەمەش ئەرکی مێژووناس و ئەو نووسەرانەشە کە ناونیشانی "دکتۆر"، "پسپۆڕ" و "فەیلەسووفی کورد"یان هەڵگرتووە.

هەڵبەتە داگیرکەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ماوەی سەدەکاندا، بە تایبەتیش لە سەدەی بیستدا، لە ڕێگای سیاسەتە شۆڤینییەکانیاندا توانیوویانە یادەوەریی کوردی، ڕوحی کورد، وەک ئۆرگانێکی هاوبەش وێران بکەن. لە ئاکامی ئەو چەوسانەوەیەدا ئەو ئۆرگانە ڕوحییەی کورد نەک هەر ئیفلیج و شەل کراوە،

بەڵکوو بە جۆرێک وێرانکراوە کە هەمیشە بە دەست نە فراژان و بەرهەمنەهێنانی ئۆرگانە نوێکان؛ پێناسەی گوتاری نەتەوایەتیەوە سەرگێژ بێ.
چونکە داگیرکەری باکووری کوردستان، توانیوویەتی ئۆرگانی کوردی بە پەتای تورکی، ئۆرگانی کوردی رۆژهەڵات بە پەتای فارسی، کوردی رۆژئاوای بچووکیش بە پەتای عارەبی و لە باشووریش بە پەتای پان–عارەبیزم بەعسی – پان یان بەعسیزم نەزۆک بکەن. رژێمی بەعس لە ماوەی 35 ساڵدا بە رێگای عارەباندن، راگوێزان، ئەنفال، وێرانکردنی دێهات و سیستەمی پەروەردەوە ئۆرگانی خێزانی کوردی باشوور لێهەڵوەشێنێتەوە. لە ئاکامی ئەمەد ئەمڕۆا حیزبی کوردی و بگرە بەشێکی زۆریش لە نووسەرانی کورد، نەک هەر لە خەمی ئەوەدا نین سارێژی برینەکانی ئۆرگانی جڤاتی کوردستان بکەن، بەڵکوو خۆیان بوونەتە میراتگری ئەو وێرانکردنەی ئۆرگانی کوردی. وەک دەبینین لە ئاکامی ئەو سیاستە گەندەڵەی حیزبە باڵادەستەکاندا، خەریکە جڤاتی لێکترازاو و ئۆرگانە هەڵوەشاوەکانی کوردستان هەرچی بەهای کولتوور و نەریتە رەسەنەکانی کوردە لەناودەچن. پەرەسەندنی ئەو ئاوابوونە کولتوورییەش، لە وێرانبوونی ژیانی دێهاتەکاندا بەرچەستە دەبێتەوە. بەمجۆرە ئەمڕۆ جڤاتی کورد لە باشووردا، خەریکە ببێتە ئەو جڤاتەی کە هۆبز باسی دەکا؛ هەمووی تێکبەربن و یەکتر مەحفبکەنەوە.

لەو روانگەیەوە رەنگە دەکرێ فەلسەفەی ئابوونی ئۆسڤالد سپێنگلەر، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەگەر وەڵامێکی راستەخۆی ئەو تەنگژە قووڵانەی کۆمەڵگای کوردستان نەداتەوە، وەلێ دەکرێ جۆرە رەهەندێک بێ بۆ هاندانی زمانی کوردی ئاوەڵا بکاتەوە کە بتوانێ خۆی وەڵامێک بۆ تەنگژەکانی دابهێنێ.

فەیلەسووفی مێژوو ئۆسڤالد سپێنگلەر/ Oswald Spengler (1880– 1936) لە کتێبە گەورە دوو بەرگییەکەیدا "ئاوابوونی رۆژئاوا/ Untergang des Abendlandes "(*)، کە لە ساڵی 1918–1922دا نووسیوویەتی، هەوڵدەدا هەرچی پرسیاری جیهانی سیاسیی و کولتوورییە راڤە بکا. ئەو وەک سەفەرێکی ورد و قووڵ کۆی مێژووی سەرهەڵدانی گوند، شار، ئایین، سیاسەت، فەلسەفە و... راڤە دەکاتەوە. لێ ناساندنی ئەو کتێبە گەورەیەی سپێنگلەر بە وتارێک نمایشبکرێ، بەڵکوو پێویستی بە کتێب هەیە. لەم وتاردە هەوڵدەدەین رۆشناییە بخەینە سەر چەند بیرۆکەیەک کە بەلای ئێمەوە سەرنجکێشن.
سپێنگلەر لە دوو تۆوی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکا کە چۆن "ئۆرگانەکانی کۆمەڵگا" لە دایکدەبن، دەفراژێن، دادرمێن و ئاوا دەبن. ئەو ئۆرگانی کۆمەڵگا لەگەڵ قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤدا بەراورد دەکا. بەمجۆرە سپێنگلەر لە کتێبە هەزار لاپەڕەکەیدا وڵاتەکەی خۆی، ئەلمانیا دەکاتە سەرشاری راڤەکانی، کە سەردەمی ژیانی گەیشتبووە ئەو بازنە فراژانەی کە ئەو بە "کولتوور" ناودێری دەکا. هەڵبەتە وەک سپێنگەر باسی دەکا، ئەلمانیا هەر لە سەردەمی ئیمانوێل کانت، هێردەر و بە تایبەتیش سەردەمی گۆتە و رۆشنگەرییدا گەیشتبووە قۆناخی "کولتووریی". کاتێک کۆمەڵگایەک بە سامان و توانای کولتووریکەی خۆیەوە گەشایەوە و خامۆش بوو، دوای ئەمە تەنیا "ژیار"ەکەی دەمێنێتەوە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە هزری جەختکردنەوە لە ئۆرگانی کولتووریی لە تیۆرییەکانی زۆرینەی هزرڤان و فەیلەسووفەکانی ئەلمانیادا ئامادەیی هەیە. هاوکاتیش هزرڤانانی ئەلمانی دوای فاشیزمی ئەلمانی، وەک نموونەیەک لە ناسیۆلیزم، گومانکردن و رەخنەگرتن بووە لە هزری رۆشنگەریی، ئەمەش تاکوو نەتەوەی ئەلمانی بەهای ئەو ژیانە باڵا و نموونەییە، کولتوورە رەسەنە، بپارێزێ.
جێگەی سەرنجە، سپێنگلەر لە کتێبەکەیدا باس لە هەموو کولتوورەکان دەکا. لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا بەشێک بۆ کێشەی کولتووری عارەبی و فارسی تەرخان دەکا، لەوێدا لە میانەی شیکردنەوەی ئایینی زەردەشتیدا، ئاماژە بە گرووپێک لە نەتەوەکان دەکا، کە بە گوێرەی جوگرافیا و پێناسەکانیدا، دەکرێ بڵێین

باسی ئەرمەنییەکان دەکا، لێ بێ ئەوەی ناوی کورد بێنێ. سپێنگلەر دەلێ: "دوای 300 ساڵ پێش زایین لەناو گەلە گەنجەکانی جیهانی نێوان سینا و زاگرۆسدا کە بە ئارامی دەپەیڤن بێداربوونەوەیەکی سەرنجکێش هاتە کایەوە... هەستێکی نوێی جیهانی ترنجایە ناو ئایینە جێگیرەکانەوە، جا ئەوانە ناوی ئاهوڕا مەزدا... هەڵگرتبێ..." (1) سپێنگلەر باس لەو گەلانە دەکا کە سەر بە ئایین زەردەشتی بوون و لە ژێر ئیمپراتۆری مادەکاندا دەژیان، کەچی بە هیچ جۆرێک ئاماژە بە کورد ناکا. دواجار ئەو لە پەراوێزەکەیدا تەنیا باسی ئەوە دەکا کە ئەو گەلەی بە ئارامی دەپەیڤن کەمتر لە سەد بەشی کۆی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی پێکهێنابوو. ( سپێنگلەر، "ئاوابوونی رۆژئاوا، ل:479)

کەواتە دەکرێ بپرسین: گەلۆ، لە روانگەی سپێنگلەرەوە، مانای کولتوور چییە؟ ئەو پێمان دەلێ، کولتوور پوختەی ئەو تێڕوانینانەیە کە لە دەرەوە هاتوون. بەمجۆرە کە فەلسەفەکەی خۆی بە فەلسەفەی ئەلمانی ناودێر دەکا، ئەو ئاماژە بە شتێکی دیکە دەدا. لە کن سپێنگلەر، هزرینی ئەلمانی، واتا هزری گۆتە. کولتوور لە لای گۆتە واتای ئۆرگانیزمێکی زیندوو بوو. لە روانگەی گۆتەوە، کولتوور چەکەرە دەکا، گەشە دەسێنێ، دەژاکێ و دەڕزێ.
سپێنگلەر وەک گۆتە پێی وایە گشت رووداو و داهێنانەکانی کۆمەڵگایەک ئاوێنەبوونەوەی روحێکە کە دواجاریش ئەو روحە سەرتاپای کۆمەڵگا ئاراستە دەکا، کە هەر ئەمەش کۆمەڵگایەک لەگەڵ کۆمەڵگایەکانی دیکەدا هاوێر دەکا. لێرەوە مرۆڤێک بریتییە لە ئۆرگانیزمێکی بایۆلۆگی. بەمجۆرە مرۆڤ هەمیشە خۆی لە جڤاکێکی ئابوور و کۆمەڵایەتی رێکدەخا کە بەمەش چوارچێوەی رێساکانی بایۆلۆگی دەبەزێنێ. بە واتای سپپێنگلەر دوو مرۆڤ لە کولتوورێکی هاوبەشدا بە ئاسانی یەکتر فامدەکەن، چونکە ئەوان هەمان روحیان هەیە. هاوکاتیش دوو مرۆڤ لە دوو کولتووری جیاوازدا هەرگیز ناتوانن لە یەکتر تێبگەن، چونکە ئەوان روحێکی هاوبەشیان نییە.
لێرەوە سپێنگلەر بە راشکاوی دیدەکانی خۆی جەختدەکاتەوە. کاتێک ئەو پەیوەندی نێوان مرۆڤە جوودایەکان رەتدەکاتەوە، هاوکاتیش ئەو پرسی بەرپرسیاریی نێوان مرۆڤەکانیش رەتدەکاتەوە. هەڵبەتە لە کن سپێنگلەر بەرپرسیاری یان ئێتیک واتایەک لە دارمان دەگەیەنێ. لە دیدی سپێنگلەردا لە کولتوورێکی ئۆرگانیکیدا مرۆڤەکان وەک وەک دوو شانە لە ئۆرگانیزمێکی تەندروستدا هاوئاهەنگانە هەڵس و کەوت دەکەن، زمانی یەکتر فامدەکەن.

لێرەدا دەبێ بێژین کاتێک سپێنگلەر باسی لە ئاوابوونی کولتوورەکان دەکا، مەبەستی ئەوە نییە کە ژیانی ئاسایی مرۆڤ یان بیرۆکەی مرۆڤ بیرکردنەوەی مرۆڤ نییە، بەڵکوو مەبەستی هەڵبژاردنی شێوە ژیانێکی باڵای مرۆڤە. لەبۆیە کاتێک سپێنگەلەر باسی لە ئاوابوونی کولتووری گرێکی کۆن دەکا، مانای ئەوە نییە کە مرۆڤەکانی گرێکی کۆنیش مردن. هاوکاتیش کاتێک سپێنگلەر باسی باسی ئاوابوونی ئەوروپا دەکا مەبەستی مەرگی مرۆڤی ئەوروپا نییە، بەڵکوو بیرۆکەی ژیانێکی باڵایە.
وەلێ ئەگەر لە سپێنگلەر بپرسین: ئایا لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا شوێنێک بۆ روحێکی ئازاد هەیە؟ ئەو لە سەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا پێمان دەلێ، کە سەرگەردانییە بێ ریشەکەمان بە دوای سەرنجدان، پایە و جەختکردنەوە دەگەڕێ – رەنگە پێش هەموو شتێکیش بە دوای کاتەوە بگەڕێ تاکوو بە گەڕان رابگات! – وەڵامی ئەم پرسیارە لە لایەن سپێنگلەرەوە، نەخێرە. ئەو لەوانەیە خۆمان بڕوامان وابێ کە دوای دەستپێکی پێشڤەچوون ئێمە باشترین شت بین کە مێژوو بەرهەمیهێنابین – بەرهەمێک کە بۆ شتێکی باش رێک و پێک شێوەمان گرتبێ. ئەوە توانستی خۆمانە کە بەرەو بۆشایی پەلکێشمان دەکا.

ئەمە بڕوای ئۆسڤالد سپینگلەرە  کە لە رۆژگارێکی سەرگێژی ئەلمانیادا ژیا کە دواجاریش ئاکامی کارەساتێکی سیاسی، ئابووری و روحی بە دوای خۆی هێنا، کە ئەویش ئاگایانە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد. سپینگلەر لە بەرهەمە دوو بەرگییە هەرە ناودارەکەیدا،" ئاوابوونی رۆژئاوا"دا، دەبێژێ ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لە رۆژگارێکدا دەبینینەوە کە لەوێدا *کولتوور* – بەهای مرۆڤایەتی-بەرەو مەرگ دەچێ. هەڵبەتە هەرچەندە دوای رمانی فاشیزمی ئەلمانی گفتوگۆی تیۆری لەسەر رەهەندی کولتوور پەروێز کرا و یان مەیلەو پشتگوێخرا، لێ ئێستا روانگەی کولتووری سپێنگلەر وەک بڕیاردەرێک لەسەر ژیانی کۆمەڵگاکان، لە جاران زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە. هەر بۆیە، بۆ نموونە، لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەوروپادا، دیاردەی کووشتنی ژن لای کورد، وەک دیاردەیەکی کولتووری کورد راڤە دەکرێ. لەوەش زیاتر، زۆرێک لە رووناکبیرەکانی رۆژئاوا، بە تەیبەتیش کۆنپارێزەکان لە روانگەی کولتوورییەوە جیهان پۆلێن دەکەن. وەک دەزانین کابرایەکی وەک سەموێل هنتگۆن لە کتێبەکەیدا، "پێکدادانی ژیارەکان"، کتومت وەک سپێنگلەر جیهان بەسەر هەشت ژیاردا پۆلێندەکا، کە هەر یەک لەو ژیارانە دەرگای خۆیان بەسەر ژیارەکانی دیکەدا داخستووە.
هەر چۆنێک بێت، سپێنگلەر وەک فەیلەسووفێک ژیا و رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو کە مێژووناسە دامەزراوەکان رەخنەی توندیان لە شێوازە مەیلەو مەتەڵئامێز و خەیاڵییەکەی لە ناساندنی مێژوودا دەگرت.
سپێنگلەریش رەخنەی لەو مێژووناسانە گرت چونکە ئەو پێی وابوو کە ئەوان "راستگۆیانە شارستانییەکانی دیکەیان نەخوێندۆتەوە". لە روانگەی سپێنگلەوە، ئەو مێژووناسانە لە بری ئەوی هاوتەریبانە سەیری ئەو دووبارەبوونەوە بازنەییەی کولتوورەکان بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە لە رادەبەدەر جەختیان لەسەر شارستانی هاوچەرخ و هەنووکەیی و ئەو مێژووەی کە خۆیان تیایدا ژیان دەکردەوە. سپێنگلەر بڕوای وابوو کە ئەو دەوڵەتە ئاسۆیی و هێڵییە نەریتگەرایە دەخوازێ خۆویستی رۆژئاوا زەقبکاتەوە؛ هەروەک ئەو مرۆڤە رۆژئاواییە نموونەیەکی مەزنی گشت کارە مرۆڤایەتییەکانی پێشوو بێ. لەبۆیە بە رای سپێنگلەر، سەیر کردنی مرۆڤایەتی تەنیا وەک گەشەکردنێکی درێژ لە نزمییەوە بۆ بەرزییەوە دەبینێ کە  داهاتووەکەی بە تێکشکان مەحکومە. لەم بارەیەوە سپێنگلەر دەبێژێ:

"ئەوەی کە لە کن هزرڤانی رۆژئاوادا بوونی نییە و ئەوەی کە دەبوو لە کن ئەو *هزرڤانە* نەبووایە، ئەو زانینەیە لەمەڕ کەسایەتی ئەو مێژوویە رێژەگەرایيەی کە لە ئاکامگیریی ئەو هزرڤانەدا،  لە خودی خۆیدا دەربڕینێکە بۆ ژیانێکی *تایبەتمەند، دانسقە*. ئەو هزرڤانە دەبوو تێبگا کە سنوورێکی پێویست بۆ لەبار بوون هەیە و "راستییە ئەبەدی" و "زانینە بێ هاوتا" و روانگەکەی بۆ جیهان و بۆ ئەو راستییەیە. ئەو هزرڤانە دەبوو گەڕان بە دوای زانینی دیکەی بە ئەرکی خۆی بزانیبایە، وەک مرۆڤی کولتوورەکانی دیکە بە هەمان ئاست گەشەی کردبا. دەبوو داهاتووی فەیلەسووف *بێ کەمایەسی* بێ. ئەوجا پێش هەموو شت مرۆ لە شێوەی زمانی مێژوو، جیهانێکی زیندوو دەگەیشت. لێرەدا هیچ مانەوە و بەرژەوەندی گشتی بوونی نییە. بەرژەوەندی گشتی کۆتاییەکی هەڵەیە بەمجۆرە هی من هاوکات ئەویدیکەش دەگرێتەوە،" (2)

بەمجۆرە سپێنگلەر هانی خوێنەر دەدا کە ئەمدیوی خۆی بدۆزێتەوە و شیبکاتەوە.  ئەو لە نێوان کولتوورە جیاوازەکانی مێژووی جیهاندا خۆی بە کێوی دەزانی تاکوو لێکچوونەکان نیشانبدا و گریمانەکانی خۆشی بسەلمێنێ. بە لای سپێنگلەوە  هەشت کولتووری بالای دیاریکراو هەن کە بناخەی پێشڤەچوونی کولتووری (kulturell evolution ) پێکدەهێنن: کولتووری بابلیۆنی، میسری کۆن (فیرعەون)، چینی، هیندی، مەکسیکی (کولتووری مایە و ئیمپراتۆری ئەزتێکەر)، گرێک-رۆمانی، عارەبی و رۆژئاوا (ئەورووپی-ئەمریکی). هەر یەک لەو کولتوورە باڵایەنە سوودی بۆ ئەو فراژانە کولتوورییە هەبووە، هەمووشیان بەیاخیان وەک یەکە.
بە کورتی گریمانەی سپێنگلەر سەبارەت بەو هەشت کولتوورە بەمجۆرەیە: هەموویان نزیکەی هەزار ساڵ

درێژەیان کێشا و بە هەمان دووبارەبوونەوەی ئەبەدی بازنەیی ژیان بەردەوام دەبن. هەر هەشتیان هەڵگری دایکبوون، فراژان، رمان و مردنن.

سپێنگلەر لە رێگای بەکارهێنانی وەرزەکانەوە تێرامانەکانی بەرجەستە دەکاتەوە. بەهار بریتییە لە زانی کولتوور. لەوێدا ئایین و پرینسیپە بنچینەییەکان دەخەملێن. هاوین بریتییە لە چڵەپۆپەی کولتووری. لێرەدا کاری هەمیشە بەردەوام دەسازێ. هزری گرنگ لە دایک دەبێ و دەفراژێ و کاری شکۆمەندانە ئەنجامدەدرێ. پاییز دەستپێک و کۆتاییە. لەرزۆکی کولتووری، کارەساتی مەزن، کۆچی فرەی مرۆڤەکان و ئاکامی بێتوانایی لە پەیوەیوەندی کردن دەبێتە رفاندنی زستان. ئاکامی هزری ئازاد و کارامەیی بوو بە بێبڕوایی، شێوازی هزرینێک لە کاتی خۆیدا وندەبێ، لە پەیوەندی بە مەرگی شار و ژیارەکاندا گەڕانەوەیەک بۆ رەچەڵەکی ئایین و نزیکایەتی لەگەڵ سروشتدا هاتە ئاراوە. بەهار هەمیشە جارێکی دیکە سەرهەڵداتەوە.
کەواتە سپێنگلەر پێی وایە گوزەرێک لە نێوان کولتوور و ژیاردا هەیە. لە ماوەی سەدەی هەژدەی رۆژئاوادا ئەوە جار لە دوای جار روویدا. بە دیدی سپێنگلەر، ژیار نوێنەری دەسەڵات، پارە، نائایینی، چڕبوونەوەیەک لە ئینتلیگێنسیاوە بۆ دەوڵەت دەکا. دەرهەق بەمەوە سپێبگلەر لە بەشی دووەمدا کە باسی دەوڵەت دەکا، دەپرسێ: لە پەیوەندی بە فەرهەنگداری دوێنێیەوە سیاسەتی ژیاری سبەینێ چییە؟
ئەمەش هەر تەنیا کولتوور ناگرێتەوە، بەڵکوو رەوشت، هونەر، زانین، زانست و ژیانی مرۆڤیش تووشی ئەو ژیارە بوون. هونەر جەخت لە ئاکاری باڵا دەکاتەوە. زانست هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوە دەستەبەر ناکاتەوە. سیاسەت بە پارە حکومدەکا. سەرگێژی کولتووری پەرە دەسێنێ. ئەمەش سەرەتایەکی واقیعییە بۆ کۆتاییەکی واقیعی. ژیار قەدەرێکی ناچارانەی کولتوورە، دواجاریش هیچ شتێک گرێدراو بە "خەڵک" نامێنێتەوە. ئەوەی کە بە "دیمۆکراتی" ناودێر دەکرێ لە لایەن ئاپۆرەیەک لە مرۆڤی بێ روحی شارەکانەوە حکومدەکرێ، کە جیاوازە لەو مرۆڤە فەرهەنگدارەی کە هەموو وزەکانی بەرەو دەرەوە، بەرەو سەرەوە، بەرە ئەبەدییەتییەک کە بەرجەستەناکرێتەوە، ئاراستە دەکا. لەوێدا خۆ مەحفکردنەوە تەشەنە دەکا. بەمجۆرە بە واتای سپێنگلەر، شارە گەورەکان بۆ ژیار دەبنە بزمارگەلێک لە تابووتێکدا.

بە دیدی سپێنگلەرەوە کولتوور لە دێهاتدا پەیدا بوو. چونکە جووتیار خووی بە زەوییەکەی دەگرێ و پەیوەندییەکی روحی بە زەوییەکەی یان کێڵگەکەیەوە دەبێ. زێد لای جووتیار زۆر گرینگە، تا رادەیەک خۆی لەسەر بە کووشت دەدا، چونکە ئەو زەوییە یان خاکە خۆی سازاندوویەتی و خووی پێوە گرتووە. ماڵی جووتیار هێمایەکی مەزنە، چونکە لە کێڵگەکەی خۆیدا دروستکراوە.
ئاوەزی شار نوێنەری روحی گرووپێک دەکا. سەبارەت بەمە، سپێنگلەر پێی وابوو "ئەوە گەورەیی نییە کە شارەکان لە دێهاتەکان جیا دەکاتەوە، بەڵکوو هەبوونی ئاوەزە." (3) شارە گەورە ژیارییەکان رقیان لە رەگەکانی روحی جووتیارە بۆیە پشت لە ژیانی دێهات دەکەن. لە شاردا زمانێک بەکار دەهێنرێ کە تەنیا بۆ چاو دەئاخڤێ و لە دواجاریشدا خەڵکی گوند لەو زمانە ناگەن. لێرەوە دوو ژیان دێتە ئاراوە: ژیانێک لە دەرەوەی شار و ژیانێک لە ناو شاردا. جووڵە و شێوەی ژیانی گوندییەک هێندەی لەگەڵ جووڵە و شێوەی ژیانی وڵاتانی تر هاوبەشیان هەیە، هێندە هاوبەشی لەگەڵ جووڵە و شێوەی ژیانی مرۆڤی شارێکی نزیک خۆیەوە نییە.
ئەو شێوە بونیاتنانەی شارەکان و دوورکەوتنەوەیان لە دێهات پێشمەرجی هەموو کولتوورێکە. هەڵبەتە هەموو کولتوورە مەزنەکان کولتووری شار بوونە. گوندە سەرەتاییەکانیش بە هەمان شێوە نزیکاتیان لەگەڵ زەویدا هەیە. (4) شارە بچووکە گوندییەکان شێوەی خانوو دروستکردنی گوندەکان جەختدەکەنەوە، هەوڵدەدەن بورج و پەرستگایەکانی وەک کڵێسە لە خودی زەوییەوە قووتبکەنەوە. شارە گەورەکان دەخوازن هەمیشە بەهێزتر

بن. لەبۆیە شارە گەورەکان سروشت ڕەتدەکەنەوە. شارە گەورەکان پەل بۆ بەرزایی و دەرەکی دەهاوێژن، خاکی دێهاتەکان هەڵدەلووشن و دەخوازن لە بری ڕێچکە خوار و خێچە گوندییەکان ڕووبەرەکانیان لە شێوەی شەقامگەلێکی سەرەکی پان و بەرینتر بێ. شارەکان دەخوازن بە پێچەوانەی دێهات لە بری دارستان خاوەن باخچە بن، لە بری کانی فوارەیان هەبێ... هتد. بە واتای سپێنگلەر، شار بە هونەر دروستکراوە بۆیە بێ ڕوحە. بەمجۆرە مرۆڤی شاریش بێ ڕوحە. ئەو مرۆڤە شارییە خۆی بەسەر خەڵکی دێهات سەپاند و قانوونەکانی بۆ دەخوێنێتەوە. سپێنگلەر دەڵێ: "سەکۆی گفتوگۆی ئەنتیک (گریکی کۆن) و ڕۆژنامەگەریی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی باڵا کەرەسەیەکی ڕوحانی دەسەڵاتە بۆ فەرمانڕەوای شار". (5) ئێستا مرۆڤی شار ڕقی لە هەموو کولتوورێکی وڵاتی دایکییەتی، لە شارێکی جیهانیدا دەژی کە چیتر پێویستی بەوە نییە لە بەرنبەر دێهاتدا خۆی نماییشبکا. چونکە وەک چۆن پێشتر جووتیار ئاوێزانی کێڵگەکەی بوو، بە هەمان شێوەش ئێستا مرۆڤی شار ئاوێزانە بە نرخی بیرکردنەوە. لێرەوە بە واتای سپێنگلەر، ئیمپریالیزمیش دوا ئیپۆک (سەردەم)ی ئاشکرای ئەو هێمایەیە.

لێ ئەو مەترسییە هەر لەو ئیپۆکەدا کۆتایی نایێ. وێڕای ئەمەش سپێنگلەر لەمەڕ مەحفبوونەوەی خەڵک دەپەیڤێ. شار دەبێت بە شوێنی مرۆڤی هۆشمەند. بە ڕای سپێنگلەر هۆشمەندی لە هەموو کولتوورێکدا دوا مرۆڤەکان پێکدەهەێنێ. سپێنگلەر لەمەڕ مرۆڤی بێ بەرهەمی ژیاریی دەڵێ:
"دوا مرۆڤەکانی شارە گەورەکان *نایانەوێ* چیتر بژین، ڕەنگە دەکرێ وەک تاکەکەسی جیاواز بیانەوێ بژین، بەڵام نەک وەک جۆر، وەک ئاپۆرە؛ لەوێدا ترس خامۆش دەبێ. ئەوەی کە جووتیاری ڕەسەن بە دڕدۆنگییەکی قووڵ و لە تێگەیشتن بەدەر پڕ دەکاتەوە، بیرکردنەوەیە لە خێزان و مەحفبوونەوەی ناو، لە دەستدانی مانای خۆیەتی... جووتیار بە منداڵ ڕاناگات، نەک لەبەر ئەوەی بێڕادە زۆر بوونە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەو هۆشمەندییە بیرتیژییە سەرچاوەیەک بۆ هەبوونەکەیان نادۆزێتەوە." (6)
هەڵبەتە سپێنگلەر دڵڕەقانە بیرۆکەکانی خۆی جەختدەکاتەوە، لێ هاوکاتیش ئومێدەوارانە دەبێژێ:
"جووتیار مرۆڤێکی ئەبەدییە، خۆی لە هەموو کولتوورێک بە دوور دەگرێ کە لە شارەکاندا شوێنیان هەیە. ئەو (جووتیار) بەر لە شار هەیە، ئەو شار دەژینێ، جینگزانە خێزانی نوێ دەپێتێنێ، خۆی بۆ کاری جووتیارانە و توانادارییی سنووردار، بە ڕوحێکی سۆفییانە و وشکەوە، بۆ تێگەیشتنێکی پیادەیی جووتیارانە، بنکەیەک بۆ سەرچاوەیەکی هەمیشە جووڵاو بۆ ئەو خوێنەی کە لە شارەکاندا مێژووی جیهان دروست دەکا، سنووردار دەکا." (7)
کەواتە سپێنگلەر پێ وابوو ڕۆژئاوا گەیشتۆتە خاڵێک کە مەرگی کولتووری خۆی بە چاوی خۆی ببینێ.

لە کۆتاییدا، لە ژێر ڕۆشنایی سپێنگلەرەوە دەکرێ بێژین، وەک چۆن لە سەرەتای ئەم وتارەدا هەوڵماندا ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕژێمی بەعس لە هەشتایەکاندا لە پرۆسەی سیاسەتە شۆڤینییەکەیدا دەستیکرد بە سووتاندنی دێهاتەکانی کوردستان و دواجاریش بە خڕکردنەوە، پۆلێنکرد و توانەوەی جووتیارەکانی کوردستان لە سەربازگە و ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا، هەوڵیدا لە ڕەگەوە کولتووری ڕەسەنی کورد هەڵبکێشێ. هەڵبەتە ڕژێمی بەعسی ئاگایانە ئەو نەخشەیەی بۆ ڕیشەبڕکردنی کورد کێشا، چونکە دەیزانی کولتووری کوردی، پێناسە نەتەوایەتییەکەی، ڕوحی کورد لە دێهاتەکانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە و شۆڕشی کوردیش هەر لەو دێهاتانەوە سەرهەڵدەداتەوە. بەمجۆرە مخابن ڕژێمی بەعس توانی بەشێکی سەرەکی ئەو نەخشەیەی خۆی ڕاپەڕێنێ. هەروەک ئێستاش ڕژێمە داگیرکارەکانی تورکیا، ئێران و سووریا بە شێوە و پلانی جیاواز ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە دژی کورد پیادە دەکەن.
لێ ئەوکاتە کارەساتی کۆمەڵگای کوردستان دەبێتە پرسیار، کە هەتە ئێستاش حیزبە باڵادەستەکانی باشووری

کوردستان، نەک هەر خۆیان لەو سیاستە شۆڤینییەی بەعس نەگیشتوون یان ناخوازن تێبگەن، بەڵکوو هەوڵیش نادەن پرۆژەیەک بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی جووتیارەکان بۆ دێهاتەکان تەرخان بکەن. دیارە ئەوە ئەرکی حکومەتێکی کوردی نیشتمانپەروەر، خاوەن ئێتکیکی کولتوورییە کە هەوڵبدا لە ڕێگای بەرنامەیەکی کولتووریی و ئابوورییەوە، ئاوەدان بکاتەوە و بۆ ئەمەش دەبێ جووتیاران لەو مەرامەی ڕژێمی بەعس وریابکاتەوە تاکوو ئەوانیش بتوانن، وەک ئەرکێکی نیشتمانی، لە بەهای ئاوەدانکردنەوەی بواری ئابووریی و کولتووری دێهاتەکانی خۆیان تێبگەن.
لێ ئەمڕۆ هێزە سیاسیی وناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کورد، بە هۆی سەرمەستیان بە لاسیاکردنەوەی تیۆرییەکان لەسەر ڕەهەندی شار، بە شێوەی جوودا بەهای دێهات و بەرهەمی جووتیارانی کوردستانیان سووککردووە. دواجار ئەو نووسەر و سیاسیانەی باشووری کوردستان کە هەندێکیان بە خولیای بە دوبەکردنی هەولێر و هەندێکیشیان بە پاریسکردنی سلێمانی سەرمەستن، نە توانیان بە قسە و بانگەشەکانیان هیچێک لە شارەکانی کوردستان بکەن بەو شارە کولتوورییەی کە بە واتای سپێنگلەر ژیار بەرهەمهێن بێ و نە توانیشیان بەهای کولتووریی و ئابووری دێهاتەکان زیندوو بکەنەوە . ئەگەرچی سەرچاوەی سەرەکی ئابووری کوردستان لە دێهاتەکاندایە، کەچی بە هۆی کۆکردنەوەی خەڵکی دێهاتەکان لە بۆتەی حیزبە باڵادەستەکاندا و بەخشینی مووچە و کردنیان بە بەرخۆر، کۆمەڵگای کوردستان بۆتە کۆمەڵگایەکی بێبەرهەم. لە ئاکامی ئەم خەمساردیی و پەراوێزکردنەی دێهاتەکاندا کولتووری ڕەسەن، بەروبوومی کشتوکاڵی زەنگین، زمان، ڕەوشتی کورد... هتد، خەریکە سەرتاپا نغرۆ دەبن و لە بری ئەوەش تێکەڵاوییەک لە کولتوورێکی شێواو و بوودەڵەی داگیرکاران و بیانی پەرە دەسێنێ.
ئاستەنگی مرۆی سیاسی بە گشتی و بازرگانی بێ کولتووری ئەمڕۆی کورد لەوەدا نییە کە پارە بۆتە ئامانجی ژیانیان، بەڵکوو ئاستەنگەکە لەوەدایە کە، بە واتای سپێنگلەر، پارە لای ئەوانە هزرکردنەوە نییە. چونکە، وەک سپێنگلەر لە "ئاوابوونی ڕۆژئاوا"دا باسی دەکا، کە پارە بە واتای "فاوستی" یان گۆتەیی"لە دروودا بەرجەستە نابێتەوە، بەڵکوو لە ناوەندێک لە پەیوەندی لەگەڵ شێوەی ژیانێکدا کردەی بیری لێدەکرێتەوە. لەوێ لەو شێوە ژیانەدا، وەک واقیعەکان بە هەمان واتای واقیعەکان بیر دەکرێتەوە. بیر کردنەوە لە پارەدا، پارە بەرهەمدەهێنێ: نهێنی ئابووری جیهانیش لەمەدایە." (8) وەلێ ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا پارەداری بۆتە دیاردەیەک لە ئیفلیجکردنی بیر کردنەوە. چونکە پارەدارەکان لە بنەڕەتدا بە ڕێگای بیرکردنەوە پارە دەستەبەر ناکەن، بەڵکوو بە ڕێگای فێڵ و دەستبەسەرداگرتنی سامانی خەڵک. پارەداریی ئەوکاتە دەبێتە بیر کردنەوە، بەرهەمداری، کە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بوژانەوەی ژیانی کولتووری، دەروازەیەک بۆ هاندان و بەختەوەرکردنی ژیانی کورد.
لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر پێشتر سەرباز و هەڵەپاسەکانی کورد ماڵ و ڕوحی کوردیان ئەنفال کردبێ، کەچی ئێستا ئەوە بازرگانەکانی حیزبن، وەک چەشنە چەتگەرییەکی بازرگانی، بە ڕێککەوتن لەگەڵ بازرگانە شۆڤینییەکانی تورک و فارسدا، بە هێنانی خواردن و کاڵای ڕزیو بۆ کوردستان، بەردەوامی بەو ئەنفالکردنەی ژیان و ڕوحی کورد دەدەن.
لێرەوە بە واتای سپێنگلەر، " لە هەموو کولتوورێکدا ئەوە هۆشمەندەکانن کە "دوا" مرۆڤی نموونەی پێکدەهێنن." (9) هاوکاتیش لە هەموو مێژوودا، ئەوە سیاسی گەندەڵ، نووسەری مشەخۆر و بازرگانی چەتەگەرن، لە پێناوی خۆویستیدا، کولتووری وڵات نغرۆ دەکەن. کەچی لە کاتێکدا، بە واتای سپێنگلەر، نووسەر و سیاسی خاوەن ویژدان و ئێتیکی نیشتمانی کورد دەبوو ئەو هزرڤانە دەبوو گەڕان بە دوای زانینی دیکەی بە ئەرکی خۆی بزانیبایە، وەک مرۆڤی کولتوورەکانی دیکە بە هەمان ئاست گەشەیان کردبا. دەبوو داهاتووەکەیان" ***بێ کەمایەسی*** بێت". ئەوجا ئەو نووسەر سیاسیانە، پێش هەموو شت مرۆ لە شێوەی زمانی مێژوو، جیهانێکی زیندوو دەگەیشتن. لێرەدا هیچ مانەوە و بەرژەوەندی گشتی بوونی نییە. بەرژەوەندی گشتی

**کۆتاییەکی هەڵەیە.**
**کەواتە بە دەم ئەو قۆناخە دارِماوەی کولتووری کوردییەوە، مەگەر خدری زیندەیەک بە هانای روحی گەمارۆدراوی کوردییەوە بێ.**

2007

**سوێد**

ژێدەر و پەراوێز:

(*) هەر دوو بەرگی کتێبەکەی ئۆسڤالد سپێنگلەر بە زمانی سوێدی بەمجۆرەیە:
, ATANTIS, Martin "Vsterlamdets undergång "Oswald Spengler
هەڵبەتە هەر بەشە و ژێر ناونیشانێکی هەیە: ژێر ناونیشانی بەرگی یەکەم: Tegen .Övers, .Stockholm, 1997
"Gestalt och verklighet"، ژێر ناونیشانی بەرگی دووەمیش: "Världshistoriska perspektiv".
جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە سپێنگلەر خاوەن چەندان کتێبی دیکەی فەلسەفەیی، ئەدەبیی، شیعرییە. هەروا مەیلێکی زۆری بۆ مۆسیک و ئۆپرا هەبوو و لەو بوارانەدا لێکۆڵینەوەی سەرنجکێشی هەیە.

1. ئۆسڤال سپێنگلەر، "ئاوابوونی رۆژئاوا، بەشی دووەم"، ل: 173.
2. ئۆسڤال سپێنگلەر، بەشی دووەم، ل: 40- 41.
3. هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم، ل: 85.
4. هەمان سەرچاوە، ل: 96.
5. هەمان سەرچاوە، ل 90. 525.
6. هەمان سەرچاوە، ل: 98.
7. هەمان سەرچاوە، ل: 91.
8. هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم، ل: 46.
9. هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، ل: 97.